# ڕەهەندەکانی ئەدەبی منداڵانلە بەرهەمەکانی زارا ئەحمەد جاف دا

**عمر محمد صالح [1] صافيه محمد احمد [2]**

[1] بەشی زمانی کوردی، کۆلیجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین، هەرێمی کوردستان، عێراق
[2] بەشی زمانی کوردی، کۆلیجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

ئەدەب کاریگەری ئەرێنی لە سەر منداڵ هەیە و وێستگەیەکی گرنگە بۆ هاندان و ڕاهێنان و دۆزینەوەی ئەفراندن و داهێنان لە ناخیدا، ئاستی ڕۆشنبیریان گەشەپێدەدات و سەرچاوەیی بەهێزبونی کەسایەتی منداڵە، بەو پێیەی ئەدەبی منداڵ لە ڕوی ناوەڕۆکەوە کۆمەڵێک ڕەهەند لە خۆدەگرێت؛ بۆیە خاوەن مەبەست وئامانج و پەیامدارە، کۆمەڵێک بەهای گرنگی تێدایە، دەکرێت وەک سەرچاوەیەک منداڵ نمونەی باڵای لێوەرگرێت. ئەمەش لەلایەن بیرمەندان و زانایان جەختی لەسەر کراوەتەوە، ئەم توێژینەوە بۆ تێگەیشتنە لە ناوەڕۆک و ڕەهەندی ئەدەبی منداڵانە بە نمونەی بەرهەمەکانی (زارا ئەحمەد جاف) وەک قەڵەمێکی دیاری دەڤەری ڕاپەڕین، خراونەتە بەر نەشتەری هەڵسەنگاندن بۆ ئەوەی بزانرێت تا چەند ڕەهەندە (پەروەردەیی و فێرکردن و نیشتیمانی و ئاینی و کۆمەڵایەتی و دەرونی و تەندروستی و ژینگەیی...هتد) لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە. هەر یەک لەم ڕەهەندانە دەکرێت بە منداڵان ئاشنا بکرێن و لە کەسایەتییاندا بچێنرێت. دەمانەوێت ئەو بەها گرنگانەی لە ئەدەبی منداڵان دەست دەکەوێت، دەکرێت بایەخی زیاتریان پێبدرێت لە پێناو زیاتر خزمەتکردن بەو جیهانی پاک و بێگەردە، ئەدەبی منداڵ دەکرێت ببێتە ئاوێنەی ژیانی داهاتوی منداڵان بۆ ئەوەی ژیان بە دیوە جوانەکە ببینن، ئاڕاستە کردن بۆ ئەو بنەمەیانە هیوا و ئومێد بەخشن بۆیان، بۆیە بە پێویستی دەزانین بە شێوەیەکی زانستی ئاوێتە ئەو پەیام و مەبەستە بن، کە هۆکارێکە بۆ ڕاست ڕێککردنی تواناکانیان و بەردەمیان ڕۆشن و وریا و بە ئاگا دەکات. توێژینەوەکە بە چەند ئەنجامێک گەیشتووە و لە کۆتایدا ئەو سەرچاوانەی سودیان لێوەرگیراوە لە گەڵ پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی خراونەتەڕو.

**وشە سەرەکییەکان:** ڕەهەندی ئەدەبی منداڵان، زارا ئەحمەد جاف، منداڵ، ئەدەبی منداڵان، ئەدەبی کوردی

## ١. پێشەکی

منداڵ بناغەی مانەوە و بنیاتنەری کۆمەڵگایە و منداڵیی قۆناغێکی گرنگە لە ژیانی ئادەمیزاددا، لە دوای درککردن بە گرنگی لە لایان شارەزایان و دەرونناسان و پەروەردکاران، هەر کۆمەڵگایەک بەو شێوازەی مەبەستیانە لەگەڵ پێشکەوتنی ژیاری مرۆیی ڕەنگرێژی پەروەردە و فێرکردنی خۆیان دەکەن و ئەو هۆکار و ئامرازانەش، کە دەبنە دەستبار لە بەجێهێنانی دەیخەنە کار. ئەدەبی منداڵانیش یەکێکە لەو هۆکارانەی کاریگەری بە هێزی لە سەر کەسایەتی منداڵ هەیە و هۆکارێکە بۆ پەروەردەکردنی منداڵ لەم پڕۆسە بەهادارەدا. ئەدەبیاتی منداڵ سەرەڕای چێژ و خۆشی لە ڕوی ناوەڕۆکەوە کۆمەڵێک بەها لە خۆدەگرێت، ئەوەی گرنگ و پێویستە ئەو ڕەهەندانە بەهادار بن و پەیوەستی ژین و ژیاری منداڵان بن.

### ١.١ ناونیشانی توێژینەوە:

ناونیشانی توێژینەوەکەمان بریتییە لە (ڕەهەندەکانی ئەدەبی منداڵان لە بەرهەمەکانی زارا ئەحمەد جاف)دا .

### ٢.١ سنوری توێژینەوە:

سەرجەم بەرهەمە بڵاوکراوە و دەستنوسەکانی خاتو (زارا ئەحمەد جاف)، سنوری توێژینەوەکەمانە جەختمان لە بەرهەمەکانی کردووەتەوە لە ڕوی ڕەهەندی (پەروەردەیی و نیشتیمانی و هۆشیاری و تەندروستی و ژینگەیی و خەیاڵی و دەرونی) هەروەها ئاماژە بە دەرخستنی لایەنی باشی و پێویستی ڕەهەندەکان لە پڕۆسەی پێگەیاندن کراوە.

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٤، ژمارە ١ (٢٠٢١)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ١ حوزەیران ٢٠٢١؛ پەسەندکردن: ٤ تەمموز ٢٠٢١
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٢٧ کانوونی یەکەم ٢٠٢١ بڵاوکراوەتەوە
ئیمەیڵی توێژەر: omer.mohammed@raparinuni.org
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢١ عمر محمد صالح، صافيه محمد احمد، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v4n2y2021.pp73-82

### ٣.١ ڕێبازی توێژینەوە:

بەگوێرەی پێویستی و شرۆڤەکاری ناوەڕۆکی بەرهەمەکان، ڕێبازی (وەسفی شیکاری) بەکارهێنراوە.

### ٤.١ گرنگی توێژینەوە :

منداڵان توێژێکی گرنگ و هێزی داهاتوی کۆمەڵگەن، پەروەردەی دروستیان واتای دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی تەندروستە، ئەدەب وەک ئامرازێک ڕۆڵی گرنگی لە پەروەردە و ئاراستەکردنی منداڵ هەیە، چونکە لەو ڕێگەیەوە دەتوانرێت بیری منداڵ گەشەی پێ بدرێت و ڕۆڵ لە پەرەپێدانی ژیری و هۆشیاری لە سەرجەم بوارەکانی ژیانی مرۆیی بگێرێت ، سەرەڕای ئەو چێژ و خۆشییەی دەیبەخشێت. زارا یەکێکە لەو نوسەرانەی، کە لە دەڤەری ڕاپەڕین لە زۆربەی ژانەرەکاندا بەرهەمی بۆ منداڵ نوسیوە و لە ناوەڕۆکدا چەندین ڕەهەندی هەمەجۆر ڕەنگیانداوەتەوە.

### ١.٥ هۆی هەڵبژاردنی:

گرنگی و پێویستی و کاریگەری ئەدەبی منداڵان لە خودی منداڵان و دواتر کۆمەڵگا، توانا و لێهاتویی (زارا ئەحمەد جاف) لە چنین و مەزراندنی فرە ڕەهەندی لە ناوەڕۆکی بەرهەمەکانیدا بە سەرجەم ژانەرە هەمە جۆرەکانەوە.

### ٦.١ ئامانجی ئەم توێژینەوە:

١. ڕەهەندەکانی ئەدەبی منداڵان و گرنگیەکەی بۆ منداڵان.
٢. زانینی کاریگەری ئەو ڕەهەندانە لە بەرهەمی ئەدەبی منداڵان لە بوارە جیاوازەکاندا.
٣. زانین و ئاست و جۆر و چۆنیەتی ئەو ڕەهەندانە لە بەرهەمەکانی نوسەردا.
٤. دەست نیشانکردنی ئەو ڕەهەندانەی لای زارا ئەحمەد باس نەکراون.

### ٧.١ گرفتی توێژینەوە:

تێکچرژاوی و لێک نزیکی ڕەهەندەکان لە ناو یەک دەقدا هەندێک جار گرفتی بڕیاردان لە پۆلێنکردنی جۆرەکانی بۆ دروست دەکردین.

### ٨.١ پلانی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە پێکدێت، لە پێشەکی و (گرنگی توێژینەوە و هۆی هەڵبژاردن و ئامانجی توێژینەوە)، توێژینەوەکە بە سەریەکەوە ڕەهەندەکانی باسکردون بە شێوەی تیۆری بەسەر بەرهەمەکانی زارا ئەحمەدی پراکتیک کردون، کە بریتیین لە ڕەهەندەکانی ( پەروەردەیی و فێرکردن و زانیاری تەندروستی وەرزشی و سروشتی و ژینگەیی فۆلکلۆری و کۆمەڵایەتی دەرونی و خەیاڵی).
توێژینەوەکە بەچەند ئەنجامێک کۆتایی هاتووە، کە توێژینەوەکە پێیان گەیشتووە لە گەڵ پوختەی توێژینەوە بە هەر دو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و لە گەڵ لیستی ئەو سەرچاوانەی سودیان لێبینراوە.

## ٢. ئەدەبی منداڵان

ئەدەبی منداڵان بە یەکێک لە سەرچاوەکانی پەروەردە و فێرکردن دادەنرێت، کە بایەخ بە کەسایەتی منداڵ و ژیری و جەستەیی دەدات، تایبەتمەندی هەرە سەرەکی ئەو ئەدەبە ئەوەیە، کە خزمەتێکی گەورە بە پەروەردە و فێرکردن دەکات، بەو ئەزمونەی بۆ منداڵ دروست دەبێت لە ڕێگەی ئەدەبەوە گۆڕان لە زەینی چەکەرە دەکات و لە ئایندەدا لە گەڵی دەژی، هۆکار و ڕێنیشاندەری دەبێت بۆ چارەسەر و ئاستەنگەکانی بەردەمی لە قۆناغەکانی ژیاندا، ئەوەی بە سەرکەوتویی دەیهێڵێتەوە ئەوەیە، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە منداڵانەوە هەیە. نوسەران گرنگی ئەدەب بۆ قۆناغی منداڵی وەک گرنگی دابینکردنی پێداویستییە ماددی و مەعنەویەکانی دەزانن، چونکە هەوڵێکە بۆ ڕەخساندنی ژیاری و سەلامەتی بۆ شێوەیەکی دروست.
ئەدەبی منداڵان ئەو بەرهەمەی نوسراوانە دەگرێتەوە، کە لەڕێگەی پەرتوک و نامیلەکە و گۆڤار و ڕۆژنامە پێشکەشی منداڵ دەکرێ، کە دەکرێت شیعر یان چیرۆک یا شانۆی یا هەر ژانەرێک بێت. زانایان و شارەزایانی دەرونزانی و کۆمەڵناسی جەخت لەوە دەکەنەوە پێویستە منداڵ بە هۆشیارییەوە مامەڵەیان لە گەڵ بکرێت، ئەو ئەدەبە لە جیهاندا گرنگی تایبەتی پێدراوە، لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردییدا چەند لێکۆڵینەوەیەک لە سەر ئەدەبی منداڵان کراون، کە تیشکیان خستۆتە سەر قۆناغەکانی منداڵ و گرنگی ...هتد. ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی پێیوایە ئەدەبی منداڵان "بریتییە لەو بەرهەمە هونەریانەی کە بیر و ئەندێشەی وا دەخەنە ڕو، کە لە گەڵ پەیپێبردنی منداڵدا بگونجێ، ئەمەش گەلێ چەشن دەگرێتەوە، چیرۆک، شیعر، شانۆگەری، وتار و گۆرانی". (بەرزنجی، ٢٠١٠، ١٢). ناوبراو ئەدەب و بەرهەمی هونەری وەک بەرهەمی منداڵان هێناوە لە ڕاستیدا چەند ژانرێک دەگرێتەوە ئەوەشی پەیوەستکردووە بە توانای منداڵ و زیاتر جەختی لەلایەنی فراوان بونی بیر و ئەندێشەی منداڵ دەکات لایەنی سود و چێژبینینی منداڵی فەرامۆشکردووە. "ئەدەبی منداڵان لەو بەرهەمە زانستی و هونەرییە نوسراوە ساکارانە پێکدێ کە تایبەت و ڕاستەوخۆ بۆ ئەوان نوسراون، هەروا بەشێک لەو نوسینانەش دەگرێتەوە کە بۆ گەوران نوسراون".(ئەحمەد، ٢٠٠٥، ٦٠). بە بڕوای نوسەر ئەو مەبەستە دەخاتەڕو، کە ئەدەبی منداڵان پێویستە بواری زاستی و هونەری لە خۆی گرتبێت و ئاماژەی بەوە کردووە، کە ئەدەبی گەورانیش دەکرێت سودی تێدا بێت بۆ منداڵان. بهمن ڕازانی دەڵێ ئەدەبی منداڵان بریتییە لە کۆمەڵێک نوسین و سرود و چیرۆک و قسەکردن کە لە لایەن گەورەکانەوە نوسراوە و گوتراوە، کە بە پێی قۆناغەکانی تەمەنیان کەڵک بە منداڵان دەگەیەنێت.(رازانی، ١٣٧٤، ١١). توێژەر جەختی لە سەر ئەوە کردووە هەر بابەتێک بێت، دەبێت سودی بۆ منداڵ تێدا بێت ئەگینا بە ئەدەبی منداڵان دانانرێت و پێویستە قۆناغ و تەمەنی منداڵیشی تێیدا ڕەچاو بکرێت .
بە بۆچونی محمد ڕەحیم پێیوایە ئەدەبی منداڵ "لە کارێکی هونەری مەزن پێکدێت، کە بە هۆیەوە منالێتی پێ ئەگەیێ و هاوبەشیەکی تەواو ، لە دروست بونی کەسایەتیدا دەکات ، کە دوا ڕۆژ بە هۆیەوە ئەبێتە ئەندامێکی تازەی کۆمەڵ". (رمضان، ١٩٨٤، ٩). نوسەر مەبەستێتی بڵێ ئەدەبی منداڵان پاڵنەرە بۆ پێگەیاندن و بەهێزبونی کەسایەتییەکی سەرکەوتو لە کۆمەڵگادا لە چوارچێوەی ئەوەی ڕەهەندی پەروەردەی لە خۆ گرتبێت. بە ڕای ئیبراهیم ئەحمەد شوان "ئەدەبی منداڵان بریتییە لەو بەرهەمە ئەدەبیانەی، کە لە گەڵ بیر و هەست و تێگەیشتنی منداڵان دەگونجێ و لە شێوەی چیرۆک و شیعر و شانۆ و وتار و گۆرانیدا خۆی نیشان دەدات".(شوان، ٢٠١٨، ١٤). هەر ژانرێک بێت گرنگە لە گەڵ بیر و ئەندێشەی منداڵ یەکانگیر بێ لەگەڵ ئاست توانا و سەلیقەی منداڵدا بێتەوە.
ئەدەبی منداڵان هەمو ئەو بەرهەمانە دەگرێتەوە، کە پەیوەندیان بە ژیانی منداڵەوە هەیە، کە دەبێتە ڕێنوێنێکی باش بۆ منداڵان، کە تێایدا ڕەچاوی قۆناغی تەمەنی منداڵ کراوە، بەرهەمێکن توانای بیر و ئەندێشە و خەیاڵی منداڵ فراوان دەکات و چێژ و خۆشی وەردەگرێت و ئەزمون گەلێکی بە نرخیان بۆ دێنێ و پەیامی

پەروەردەیی و فێرکردن و چەندین بەهای گرنگ لە خۆ دەگرێ و ئاستی رۆشنبیریان گەشە پێبدات، هۆکارێکیشە بۆ داهێنان و ئەفراندنیان.

لە دەڤەری راپەرین دا کۆمەڵێک قەڵەمی دیار لە بوارەکە دەرفەتی زیاتر و فراوانتریان بۆ گەشەکردنی ئەدەبی منداڵانی کورد رەخساندووە، لە گەڵ هەستکردن بە گرنگی بوارەکە بەرهەمی باشتر و رەنگینتر پێشکەش بە منداڵانی کورد دەکرێت، لە پێناو باشتر پەروەردە و فێرکردنی هەمەجۆر، هەوڵی چڕ و پڕ بۆ خزمەت و بەرزکردنەوەی رۆشنبیری و ئەدەبی منداڵانی کوردستان بە کردنەوەی دەزگا و رێکخراوی منداڵان و چاپکردنی کتێب و نامیلکە و چالاکییە جۆر بە جۆرەکانی منداڵان وەک سرود و گۆرانی و چیرۆک و شانۆ، ئەمەش وایکردووە چەند نوسەر و شاعیر قەڵەمەکانیان بۆ خزمەتی منداڵان تەرخان بکەن.

## ٣. ناوەرۆک و رەهەندەکانی ئەدەبی منداڵان

مەبەست و رەهەندەکان ئەدەبی منداڵان بەهای تایبەتیان هەیە؛ بۆیە نوسەری منداڵان بەرهەمی خاوەن پەیام ئاراستەی منداڵ دەکەن لە پاڵ چێژ و خۆشی گرنگی بە ناوەرۆکیش دەدەن، تاوەکو لە رێگەی بەرهەمی ئەدەبی ئاراستەیەکی دروست بکرێن، لەم توێژینەوەیەدا رەهەندەکان بە پێی ژانرەکان دابەش دەکەین لە شیعر و چیرۆک و شانۆ.

بواری پەروەردە و فێرکاری کێڵگەیەکە گەلێک بیرمەند و زانا کاریان تێدا کردووە و هەندێک لەوان رۆڵی ئەدەب و هونەر لە گەشەی زانینەکی و ژیری و هزری و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی منداڵ بە گرنگ دەگرن. بە نمونە لیۆڤیگۆجسکی لە تیۆری سۆسیۆ کولتوری کار لە سەر توخمەکانی کولتور دەکات لە پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، پێیوایە کە هەمو توخمەکانی کولتور کاریگەرییان لە سەر گەشەی مەعریفی و کەسایەتی منداڵ هەیە، منداڵ هێندە بەرهەمی هێزێکی ئاسمانی نییە بە ئەندازەی ئەوەی بەرهەمی ئەو کولتورە کۆمەڵایەتییەیە کە تیایدا دەژی. منداڵ خودی ئەو کولتورەیە، چونکە ئەو منداڵە بە کارلێک لە گەڵ گەورەکاندا ئەو کولتورەی بەرهەم هێناوە و بە کاریدەهێنێت.(سەعید، ٢٠٢٠: ٤٨). ئەدەب کە بەشێکە لە کەلتوری کۆمەڵگا منداڵ پێی کاریگەر دەبێت و کاریشی لێدەکات، چونکە منداڵ کارەکتەرێکی چالاکە، منداڵ بە هۆکارە دەرەکییەکان کاریگەر دەبێت، ئەدەبیش یەکێکە لەو هۆکارانەی کاریگەری گەورە بە ئاراستەی ئەرێنی و نەرێنی لە سەر ژیانی منداڵ دادەنێت. لە ئەدەبی منداڵاندا، چەندین رەهەند گەشە بە مەعریفەی منداڵ دەدات، منداڵ لە بەر ئەوەی لە سەرەتای فێربون زمانی سنورداره و هەر چالاکیەک بهێنە ئەنجام گەشەی مەعریفی بۆ زیاد دەبێت، بۆ ئەم مەبەستە "زانا ئولسون دەبێژیت: خواندن تنێ لایەنەکە ژ لایەنێن گەشکرنا ئامبونا زاروکی و شیانا خواندنێ ل دەڤ وی گەشە دکەت ب رێکەفتنێ دگەل شیانێن وی یێن لەشی و ژیری، و نە د شیاندایە کو تو بتنێ لایەنەکێ گەشە بکەی بێی لایەنێن دیتر، چونکی هەمی پێکڤە د پەیوەنیدارن".(ساڵح، ٢٠٠٥، ١٤). بەو پێودانەگە خوێندن رێگەیەکە بۆ گەشەکردنی مەعریفی وەرگرتنی زانیاری ئاستی ئەو مەعریفیە گەشە پێدەدات. ئەدەبی منداڵان لە روی ناوەرۆک و شێواز و زمان خاوەنی خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆیەتی، کە "دەورێکی کاریگەری لە پێکهێنانی کەسێتی منداڵ و گەشەکردنی ژیری و دەرونی و کۆمەڵایەتی و سۆزی و زمانیدا هەیە ".(شوان،٢٠١٨، ١٤)، لە بارەی ناوەرۆکەوە شارەزایان ئەو بەرهەم و بابەتەی ئاراستەی منداڵ دەکرێت مەرجداریان کردووە بە بواری پەروەردە و لایەنی دەرونی تێیدا رەنگبداتەوە، منداڵ بوونەوەرێکی وریایە و هاوکات لە گەڵ گەشەی عەقڵی و جەستەیی مەیل و ئارەزوی بۆ هونەر و بەرهەمی ئەدەبی هەیە چێژ و خۆشی لێوەردەگرێت، لە بەرامبەر ئەوەدا پێویستی بە هۆشیارکردنەوە و بایەخ پێدانە بۆ دۆزینەوە و پەرەپێدانی تواناکانی و تەواوکردنی پەروەردەیەکی دروستە تاوەکو ئەفراندنی منداڵ و داهێنەری لە کۆمەڵگا بێتە دی.

جیهانی هەستەکانی منداڵ بە شێوەیەکە ناخی پڕیەتی لە جوانی، ناز، سۆز، خۆشەویستی؛ بۆیە ئەوە نوسەران و شارەزایانی منداڵە؛ کە درک بەو هەست و سۆزەی دەکەن و پەی بەوە دەبەن، تاوەکو ئەدەب بێت بە وەڵامدەرەوەی پرسیارەکانی و هەمەجۆری بابەتەکانی و ئارەزو و خۆشییەکانی بەدی بهێنێ. کەواتە پێویست وایە شاعیران و نوسەران رەچاوی ئەو بابەت و خاڵانە بکات، کە زیاتر کۆمەڵگا پێویستی پێیەتی، وەک چاندنی رەگی خۆشەویستی، خۆشەویستی ئاین و خوا و دایک و باوک و نیشتیمان... لە لایەکی تریشەوە بەرەو رەوشتی بەرز و راستگۆیی و وەفاداری بەرێت.(مەحمود، ٢٠٠٤، ٦٠). بایەخدان بە پەروەردەی هونەری و پەروەردەکردنی رۆشنبیری، کە لە رێگەی بەرهەمی ئەدەبی بەدی دێت کاریگەری بەهێزی لە سەر گەشەی مەعریفی و کۆمەڵایەتی و ژیری و دەرونی منداڵ هەیە، لەو چوارچێوەیە بیرکردنەوە و کاراکردنی بەرهەمەندییەکانی یارمەتی دەدات بەوەی جوانیەکانیان بەدەرکەوێت و هەوڵی بە دەستخستنی بەهاکان دەدات و پارێزی لە گەڵ ژیاندا دەکات، ناوەرۆکی ئەدەبی منداڵان رێنیشاندەر و دەروازەیەکە بۆ فێربون و وەرگرتنی زانیاری و نیشاندانی جوانییەکانە بە منداڵ، بە تایبەت لە قۆناغی باخچەی ساوایان و شەش ساڵی یەکەمی قوتابخانەی بنەرەتی بناغەن بۆ گەشەسەندن و بۆ بنەماکانی بیرکردنەوەی لۆژیکی و دۆزینەوەی هۆکارەکانی ژیری لای منداڵ...پیاژێ بایەخی زۆری بە حەز و ئارەزو و بزواندنی منداڵان داوە، کە لە ناخەوە دێنەدەرێ و دەبنە هۆکارێک بۆ برەودان و گەشەسەندنی مەعریفی منداڵان.(سەعید، ٢٠١٥، ٢١٢).

گرنگیدان بە ئەدەبی منداڵان وەکو گرنگیدان بە خۆراک و تەندروستی بۆ منداڵ پێویستە و هۆکارە بۆ مانەوەی منداڵ، ئەدەب بە هەمو ژانەرەکانەوە هۆکارە بۆ پەروەردەکردنی منداڵ، کە ئەمەش ئەرکێکی کۆمەڵایەتی گرنگە و رۆڵی لە بەهێزبونی فەرهەنگی و فراوانبونی ئەندێشە هەیە و لایەنی هزری و مەعریفی منداڵان دەباتە قۆناغێکی ترەوە. ئەدەبی منداڵان پڕێتی لە داهێنان و گەشە و جوڵە و چالاکی هەر ئەمەشە وای لە منداڵ کردووە بەردەوام هۆگری بێت و لە گەڵیدا ئاوێتە بێت، بەو پێیەی توێژینەوە و بە دواداچونەکان دەریدەخەن، ئەدەبی منداڵ ئامانجی پەروەردە و فێرکردنە. دەکرێت بە بەرهەمی ئەدەبی لە چەندین بابەتی تردا منداڵ بەهرە و سەلیقەی بۆ فەراهەم بکرێت، ئەمەش ئەرک و بەرپرسیارێتی قورس دەخاتە سەر نوسەر و شاعیران، ئەم جیهان جوانە رەنگرێژ و رەنگینتر بکەن بە بابەتی رۆشنبیری پەروەردەیی و زانستی، دەتوانن منداڵێک بۆ ئایندە دروست بکەن کەسایەتێکی بەهێزی هەبێت و بۆ هەر بوارێ بیانەوێت بۆ زانستی جۆراوجۆر لەو قۆناغەوە دەستپێبک و هەوێنی بناغەکەی لێ پتەو دەبێت، "ئێسن بۆ زاروکان خۆبخۆ جۆرەکێ پەروەردێ یە یێ گرنگ و کاریگەرە، بەرێ کو چیرۆک ئێسبیت یان شانۆگەر بیت، ئێسینا وی پێدڤی بشێوەکێ سەرنج راکێش و خۆشی تێدا بیت، و خۆە دویر بێخیت ژ شێوازێ تەهدیدێ و ترساندنێ و توندوتیژیێ و داکوکیێ لسەر ئاڤاکرنا پێکڤەژیانێ و حەژێکرنێ و هەفکاریێ و قوربانیدانێ و راستی و دەستپاکی دکەن لدەف زاروکی".(حاجی، ٢٠١٨، ١٣٣)، لێرەوە ئاستی زانین و تێگەیشتن -

لەمەڕ کاریگەری بەرهەمی ئەدەبی منداڵان شەن و کەو دەکەین، هەوڵ دەدەین کۆی ئەو بەها پەروەردەییانە لە بەرهەمەکانی زارا ئەحمەد هەڵبهێنجین، کە ڕەنگداوەی لە سەر منداڵان دەبێت.

## ٤. ڕەهەندەکانی ئەدەبی منداڵان لای زارا ئەحمەد جاف

مەبەستەکانی بەرهەمی ئەدەبی منداڵان بە پێی سەرەتای دەرکەوتن و سەرهەڵدانیان بە سەر چەند جۆرێک ڕەهەند دابەش دەکرێن، گرنگیدان بەو بوارە لە لایەن نوسەران و شاعیران بۆ بەرهەم و بابەتی بە سود و سەرنج ڕاکێش بۆ منداڵان دەنوسرێن، کە تیایدا لە سەرجەم ڕەهەند و جۆرەکانی پێشکەشی منداڵان دەکەن، بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە پەیام و مەبەستەکانیان بخەنەڕو، کە منداڵان ئاشنا دەکرێن بە زانیاری لە بارەی بابەتی هەڵگری ئامانجی پەوروەردەیی لە خۆشەویستی بۆ نیشتیمان و پاراستنی ژینگە و جوانی سروشت و وشیارکردنەوە و پەروەردەیی ڕەوشتی وەک؛ ڕێزگرتنی دایک و باوک و مامۆستا و کەسانی گەورەتر لە خۆی و بەزەیی هاتنەوەی بە گیانداران و چەندین بەهای کۆمەڵایەتی بە بیرۆکە و بابەتی پوخت و چاک ئاڕاستە دەکرێن و ببێتە هۆی چاندنی تۆوی چاکە لە لای منداڵ. لەم بەشەدا تیشک دەخەینە سەر ئەو ڕەهەندانە، کە بریتیین لە:

### ١.٤ ڕەهەندی پەروەردەیی:

یەکێک لە ئەرکەکانی پەروەردە بنیاتنان و دروستکردنی تاکە، کە ئەویش لە ڕێکخستنی کۆمەڵگا بە شێوەیەکی دروست ڕۆڵی دەبێت ، لە ڕێگەی ئەدەبەوە دەتوانرێت گەشە بە تواناکانی منداڵ بدرێت، بەرهەمی ئەدەبی دەبێتە بنەمایەکی پەروەردەیی گرنگ لە ڕێگەیەوە کۆمەڵێک ڕێنمایی و ئامۆژگاری بە منداڵ دەگەیەنرێت، لە بارەی گرنگی ئەو بوارە محسن عارف ڕای وایە: "ئەدەبێ زارۆکان دهێتە هژمارتن ژ هوکارێن هەرە گرنگێن پەروەردەیی دڤی سەردەمێ مەدا؛ چونکی پەیوەندی و ئەرکێن جوراوجورێن جڤاکی وێنە دکەت و هەر ژڤی ئالی ڤە چەشنەیێن ئاکاری و چەندین بهایان ڤەگوهێزیت بو نەوەیێن تازە پێگەهشتی داکو ڕێکا ژیانا خو پێ ڤەوژێرن".(ساڵح، ٢٠٠٥، ١٠٣). شعر ڕۆڵی سەرەکی لە ڕوی پەروەدەیی و فراوانکردنی بیر و ئاڕاستەکردنیان لەڕێی ئەو بابەتانەی هەڵگری بەهای پەروەردەیین بە پێی قۆناغەکانی تەمەنی منداڵ دەگێڕێت ، هەمو ئاڕاستە و بۆچونەکان ئەوە دەردەخەن، کە ئەدەبی منداڵان دەبێ پەیامی پەروەردەیی لە خۆبگرێت، چونکە ئەدەبی منداڵ پەروەردەیەکی باش و دروست دەکات، دەرئەنجام کۆمەڵگایەکی پەروەردەیی باش دێتە ئارا. دەکرێت ئەدەبی منداڵ ڕۆڵی گرنگ ب لە قوتابخانە و باخچەی منداڵانداگێڕێت بۆ ڕاستکردنەوەی هەمو ئەو خو و ڕەفتارانەی کە منداڵ ئەنجامی دەدات، لە سەر بەهێزکردنی ڕەوشتی جوان و بە کۆمەڵایەتکردنی منداڵ رایدەهێنێت. (وسو، ٢٠١٧، ٥٣).

بەرەو قوتابخانە

وای چەندە دڵم خۆشە ئەمساڵ لە پۆلی یەکم

جانتای جوانم کڕیوە بەرگی تازە دەپۆشم

دەچم بۆ قوتابخانە ماڵی دووەمی هەمووان

بەرەو پەروەردەی دروست هەنگاو دەنێم بۆ ژیان (جاف، ٢٠٢١، ٢٧).

شاعیر دەیەوێت ئەو چێژ و هەستە خۆشەی منداڵ پێویستە هەیبێت لەم قۆناغەدا بۆ ئاڕاستەکردنی لە چونی بۆ قوتابخانە دەربڕێت و ببێتە هاندەر بۆخۆشەویست کردنی قوتابخانە و خوێندن لەلای منداڵ. بە ئامەزرۆییەوە بۆ ماڵی دووەمی، کە قوتابخانەیە هەنگاو دەنێ بۆ پەروەردە و فێربون، لەوێوە بەها پەروەردەییەکان لە مامۆستاکان وەردەگرێت و ڕەنگدانەوەی لە سەر ژیانیان دەبێت.

ڕاستگۆیی

لێی بڕوانن چەند ڕاستگۆیە

گوڵی ژینە لە سەرخۆیە

هاوڕێی منە وەک من وایە

ئەو ڕاستگۆیە بە وەفایە (جاف، ٢٠٢١، ١٣) .

یەکێک لەو بەها ڕەوشتییە پەروەردەییانە، کە منداڵ لێیەوە فێر دەبێت، ئەو سیفەتە دەبێتە مایەی خۆشەویستی. بەو ڕێگایە لەسەر ڕەوشتی ڕاستگۆیی پەروەردەیان دەکات، بۆ ئەوەی نمونەی ژیر و بە ئاگا بن، هانیان دەدات بۆ ئەم بەها جوانە، کە بەشێک بێت لە ئاکار و ڕەوشتی.

هاوڕێ

ئەو منداڵە

پڕ خەیاڵە

وا پێدەچێ

لە من بچێ

پاک و خاوێن

دوورە لە جوێن

ئەوەی چاکە

دەرون پاکە (جاف، ٢٠٢١، ١١) .

شاعیر چەند بەهایەکی ڕەوشتی خستۆتەڕو: پاک و خاوێنی، زمان خاوێنی، دەرون پاکی، بەم هەنگاوە بایەخی ڕەوشتی جوان بە منداڵان بگەیەنێت، کە سودی بۆ خۆیان و دەورووبەریان هەیە.

بە هەمان شێوە چیرۆکی منداڵان چەندین ڕەهەندی پەروەردەیی و ڕەوشتکاری لە خۆدەگرێت، کە دەکرێت کەسایەتی بەهێزی لە سەر بنیات بنرێت، لە چیرۆکەکانی زارا ئەحمەد لە ڕوی پەروەردەییەوە خاوەنی پەیامی بەنرخ و بابەتی بەسودن بۆ منداڵان. بۆ نمونە:

### کورتەی چیرۆکی (ڕاستگۆیی ئارامیە)

ئەم چیرۆکە باس لە ڕوداوێکی ناو پۆلی قوتابخانە دەکات. مامۆستا لە بابەتی هونەر وێنە بە قوتابیەکان دەکێشێت، زۆر جار قوتابیان لە پۆلدا دەستکاری کەل و پەلی یەکتر دەکەن، یەکێک لە قوتابیەکان بۆ پێویستی سەرئاو دەچێتە دەرەوە تاکو دەگەڕێتەوە هاوڕێکەی، کە ناوی دیلانە چەند خەتێک بە سەر وێنەی ئاراسدا دەهێنێت و تێکی دەدات، ئاراس بەو ڕەفتارە نیگەران دەبێت، مامۆستای لێ ئاگادار دەکاتەوە، کاتێک مامۆستا بۆ سەیرکردنی وێنەکان بە سەر قوتابیەکاندا دەگەڕێت، مامۆستا بە قوتابیەکان دەڵێ گوڵەکانم کێ دەستکاری وێنەکەی ئاراسی کردووە، با خۆی هەستێت و تا جارێکی تر دەستکاری کەل و پەلی یەکتری نەکەن، چونکە ئەوە کارێکی هەڵەیە، دیلان دانی بە هەڵەکەدا دەنێ و داوای لێبوردن دەکات.(جاف، ٢٠٢١، ٣٠). چیرۆکەکە لە ئاست تەمەنی (٦_١٢) ساڵانە و لەخۆگری چەند بەهایەکی بەرز و جوانە. مەبەستی پەروەردەیی چیرۆکەکە ئەوەیە ئەو ڕەفتارە ناشیرینە بە منداڵان بڵێ، کە هەڵەیە دەستکاری کەلوپەلی یەکتر بکەن، ئەگەر پێویستیان هەبو پرس بکەن و هەروەها ئەگەر هەڵەیان کرد ڕاستگۆ بن،

چونکە ڕاستگۆیی و دانان بە هەڵە جوانی خۆی هەیە، پێویستە ئەوە بە منداڵ بوترێت، کە هەڵە دەکات داوای لێبوردن بکات.

### ٢.٤ ڕەهەندی فێرکاری و خوێندن:

فێرکردن ڕەهەندێکی گرنگی پەیوەست بە منداڵانە، دەکرێت لە ڕێگەیەوە فێری زانست و زانیاری و کرداری جوان و ڕەوشتی باش ببن و بەرهەمی ئەدەبیش ئامرازێکی گرنگی ئەو کایەن. شیعری فێرکردن ئەو شیعرە بە مەبەستی فێرکردنی ڕاستیەکان و ئامۆژگاری و پەروەردە دەنوسرێت، لەڕێگەی فێرکردنەوە زانست و زانیاری  بە فێرخواز دەگەیەنرێت ، واتا شیعری فێرکردن ئەو شیعرەیە کە ئامانجی سەرەکی و ئەرکی سەرەکی فێرکردنە. لەو ڕوانگەیەوە، کە لە هەمو کاتێکدا پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیانی پەروەردەیی و زانستی و ئاینی و کۆمەڵایەتی مرۆڤەوە هەبووە و مەبەستیشی ڕێنمایکردنی کۆمەڵگە بووە بە ئاڕاستەی دروست بە پێی پێوانەی هەر سەردەمێک. (وێبستەر، ٢٠١٧، ٢٣١). لە لایەکی ترەوە، شیعری فێرکردن پەیام و ئەرکی گرنگی لە کۆمەڵگەدا هەیە، کە زۆرتر خۆی دەبینێتەوە لە ڕۆشنبیرکردن و هۆشیارکردنەوە و گەیاندنی زانیاری و ئامۆژگاری و باشکردنی ڕەوشت و فێرکردنی هونەرەکان دەگرێتەوە. (حوسێن-مەولود، ٢٠١٨، ٤٨٧). شێوەی باو و دیاری شیعری فێرکاری ئەو ڕاز و وشانەن، تەنیا گەیاندنی زانیاری نییە، بەڵکو پڕن لە پەند و ئامۆژگاری و بەشێکی بە  زمانی باڵندە و گیانلەبەران دەنوسرێنەوە و چێژیش بە منداڵان دەبەخشن.

دەخوێنم
هەر کۆشش و خوێندنە
داهاتوی گەشی منە
ئەو بۆ پێشەوە دەڕوا
ناگەڕێتەوە بۆ دوا (جاف، ٢٠٢١، ٢٥) .

شاعیر ئەوە بە منداڵان دەڵێ ئەو کۆششکردنەی ئەنجامی دەدەن بە ئامانج دەگات، ڕۆژانی داهاتو بەری ئەو ڕەنجە هەڵدەگرنەوە، خوێندن وەکو خۆر وایە بۆ ڕۆشنکردنەوەی ژیان. هەمیشە سەرکەوتن و پێشکەوتن لەو ڕێگەوە بە دەست دێت، بۆیە داهاتوی گەشی منداڵانی بە خوێندنەوە بەستۆتەوە.

گۆڤار
ئەها چیم بۆ هێناوی
ڕەنگینەو خۆشە ناوی
دیاری بە نرخی منە
دە وەرە تۆش ببینە
پڕ بابەتی هە مە جۆر
پرشنگ دەدەن وەک وخۆر (جاف، ٢٠٢١، ١٧) .

شاعیر لێرەدا دەیەوێت بەها و گرینگی پێدانی دیاری بە منداڵان بگەیەنێت و لەگەڵیشیدا جۆری ئەو دیارییەی کە دەشێت کاریگەری باشی لەسەر کەسایەتیان هەبێت. دایک و باوکان بۆ پاداشتی منداڵەکانیان پارەیان پێدەدەن لە ڕاستیدا ئەو جۆرە پاداشتە پەروەردەیی و ئامانجدار نییە، شاعیر بەرەو هۆشیاری پەروەردەیی ئاڕاستەیان دەکات، هانیان دەدات بۆ خوێندنەوە و سەیرکردن و تێڕامان لە وێنە و بابەتەکانی ناو گۆڤار، کە وەکو خۆر ڕۆشنایی دەبەخشن پێیان.

کتێبخانەکەم
وەک ماڵی دوەم وایە     پڕ ڕوناکی و چرایە
کتێبخانە جوانەکەم     ماڵە خنجیلانەکەم
کتێب و  وشەکانت     خەندەی جوان و پەیامت
بۆهەمیشە لە گەڵمن     هاوڕێی دڵسۆزی منن (جاف، ٢٠٢١، ١٥).

لە ئەمڕۆدا کاتەکانی منداڵان بە شێوەیەکی لە ڕادەبەدەر بە کار دەهێنرێت بۆ ئایپاد و مۆبایل و یاری پۆپجی...هتد. ئەمە سەرەڕای زیان، کەمتر بە مەبەستی سود بەکاردێت، بۆیە شاعیر بە هۆشیاری پەروەردەییەوە ئەوە ئاڕاستەی منداڵان دەکات ڕو لە کتێبخانە بکەن، کە سەرچاوەی ڕوناکی و چرایە بۆیان وە بەشێک دەبێت لە پێگەیاندن و پەروەردە بونیان.

### ٣.٤ ڕەهەندی هۆشیاری تەندروستی:

لەشساغی سەرچاوەی خۆشییەکانی مرۆڤە، گرنگیدان بە تەندروستی وای لە شاعیران و نوسەران کردووە بەرهەمی پڕ بایەخ و سود بەخش ئاڕاستەی منداڵان بکەن، تاوەکو منداڵ هۆشیار بێت بە تەندروستی خۆی و هەر شتێک ببێتە هۆی نەخۆشی خۆیان لێ بە دور بگرن، پارێزگاری لە جەستە و گیانیان بکەن، زاراخان لەو بوارەدا بەرهەمی هەیە، ئەویش خۆی لە دو ڕەهەند دەبینێتەوە بۆ نمونە:

**١. خۆپارێزی**

منداڵ کارامەیی و شارەزایی زانیاری لە گەورەکانەوە وەردەگرێت بەمەش کار دەکاتە سەر گەشەی زو پەرەسەندنی، خۆپارێزی و گرینگدان بە لایەنی تەندروستی کاریگەری لە سەر کۆی بوارەکانی تری پێگەیاندنی منداڵ لە ڕوی پەروەردەیی و فێربون و کۆمەڵایەتی و دەرونی و ڕۆشنبیری بەهاو ئاکاری پەیوەست بە منداڵ هەیە.

شیر
کوپێکی وێنەدارە
دەسکی هەیە گوڵدارە
لێوان لێو پڕ لە شیرە
بۆ تۆی خنجیلە و ژیرە
تامی بکە چەن خۆشە
دەی خێراکە بینۆشە
کالیسۆمت زۆر دەکا
ئێسقانت بەهێز دەکا (جاف، ٢٠٢١، ١٨).

شاعیر باسی سودی شیردەکات، کە منداڵان فێردەکات تاوەکو  بزانن شیر خۆراکێکی گرنگ و بە سودە بۆ جەستە و تەندروستیان، هۆشیاریان گەشە پێدەدات بۆ ئەوەی لە سەر خۆراک بە ئاگا بن بزانن چی جۆرە خۆراکێک بۆ ئەو تەمەنە باش و گونجاوە بۆ ئەوەی تەندروست باش و بەهێز بن.

لەڕێگەی چیرۆکیش چەندین بابەتی بە سود لە ڕوی تەندروستیەوە ئاڕاستەی منداڵان دەکات، تا وەکو زانیاری و بابەتی بە سود ئاڕاستەی منداڵ بکات، کە مەبەستی هۆشیار کردنەوە و گرنگیدانە بە تەندروستی خۆیان. بۆنمونە:

کورتەی چیرۆکی (دیاری بۆ ئاڤان)

ئەم چیرۆکە باس لە کچێک دەکات ناوی ئاڤانە. ڕۆژێک دایکی دەچێت بۆ بازاڕ دیاری بۆ کڕیوە، دایکی پێی دەڵێ ئەها کچەکەم فڵچەیەکی و جوان و دەرمانێکی بۆن خۆشی ددان شوشتنم بۆ کڕیوی،  ئاڤان زۆر دڵی پیخۆش دەبێت، دایکی ئاماژە بۆ فڵچەکە دەکات سەرێکی وەکو کەروێشکە دەرمانەکەش بۆنی خۆشە، پێی دەڵێت لە دوای نان خواردن و شیرینی، ددانەکانت بشۆی تاوەکو ددانەکانت نەهێشێ و کلۆر

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v4n2y2021.pp73-82

نەبن، ئاڤان گوێڕایەڵی قسەکانی دایکی دەبێت و هەمو ڕۆژێک ددانەکانی بە جوانی دەشوات و لە بەر ئاوێنە، کە سەیری دەکردن خۆشی بە خۆی دەهات. (جاف، ٢٠٠٧، ١٦-١٧). دایکی لە چونە بازاڕ ئامانجی کڕینی دیارییەکە مەبەستی هەبووە بەوەی، کە دەزانێ چی بە سودە بۆ ئاڤان بە تایبەت لە قۆناغی سەرەتایی تەمەنی منداڵ، پێویستە فێری پاک و خاوێنی دەم ددانی بێت و پێش خەوتن و لە دوای نان خواردن ددانەکانی بشوات پارێزگارییان لێ بکات. ئەم چیرۆکە لە ئاستی تەمەنی (٥-١٠) ساڵانە و ڕێنمای منداڵ دەکات فێری شوشتنی ددانەکان و ئاگاداری تەندروستی خۆی بێت، هەندێک خۆراک وەک خواردنی شیرینی زوتر کاریگەری لە سەر ددان دادەنێ بۆ ئەوەی کلۆریان بکات. ئەو جۆرە چیرۆکانە منداڵان ڕێنماییان دەکات بۆ ئەوەی نەخۆش نەکەون دەبێت لە خەمی دەم و ددانەکانیان دابن، فێریان دەکات، وەک پێویستی خۆراک بۆ ژیان تەندروستی و لەشساغی جەستەشییان گرنگە.

**کورتەی شانۆی (خۆپارێزی)**

خەپان و دیلان خوشک و بران بە دڵخۆشی بە بەرچاوی منداڵەکانەوە لەدوای یاریکردن دەگەڕێنەوە ماڵەوە و دێنە سەر سەکۆی شانۆ .دیلان لە دوای گەڕانەوە لە یاریکردن ماندو بووە، دەچێت دەست و دەم چاوی دەشوات، بەڵام دیلان هەڵناستێت، بەو کارە گفتوگۆ لە نێوان دیلان و خەپان ڕودەدات، خەپان پێی دەڵێ بچێت دەستەکانی بشوات، چونکە میکرۆب و نەخۆشی بڵاوبۆتەوە، پێویستە پارێزگاری لە جەستەی خۆمان بکەین، بۆ ماوەیەکی کەم دیلان لەرزوتا دایدەگرێت لە جوڵە دەکەوێت و نەخۆش دەکەوێت، خەپان بە پەلە دەیبات بۆ لای دکتۆر، لە کۆتایدا دکتۆر ئامۆژگاری دەکات، کە ئێستا ڤایرۆس بڵاوبۆتەوە دەبێت ئاگاداری تەندروستی خۆیان بن.(جاف، ٢٠٢١، ١٥). نوسەر مەبەستی لەو شانۆگەرییەی منداڵان بە گرنگییەوە ئامۆژگاری پزیشک و کەس و کار و هاوڕێیەکانیان لە گوێبگرن و ڕێنماییەکانی تەندروستی جێبەجێ بکەن، خۆیان بپارێزن لە بەر ئەوەی ڤایرۆس و میکرۆب نابینرێن، بۆیە پێویستە منداڵان زو زو دەستیان بە سابون و شامپۆ بشۆن، تاوەکو بە دور بن لە نەخۆشی، ئەمجۆرە بەرهەمانە لە گەڵ ئارەزووەکانی منداڵ دێتەوە و چێژی لێوەردەگرن، بیرۆکە و مەبەستی شانۆیەکە ئامانجدارە و کاریگەریی لە سەر منداڵ هەیە، لە بەر ئەوەی هەر خۆیان کارەکتەری سەرەکین، لە ناوەرۆکدا باسی بارو دۆخی ژیانی ڕۆژانە و ڕەنگدانەوەی زیاتری دەبێت لە سەر منداڵان.

**٢. وەرزش و دروستی جەستە**

وەرزش و یاریکردن منداڵ ئارەزوی دەکات و دڵخۆش دەبن، هۆکاری بەهێزبونی جەستە و یارمەتی دەرە بۆ تەندروستی باش و دەبێتە هاندەر بۆ گەشەکردنی ژیری و زیرەکی و بەهرەی داهێنانی منداڵ "یاریکردن یەکێکە لەو دیاردانەی کە خۆشەویستی و تەبایی لە نێوان منداڵ دا دروست دەکات، کە ئەمەش بێگومان دەبێتە هۆی ئاڵوگۆڕکردنی بیر و دید و بوچونی منداڵان لە گەڵ یەکتری دا بە هۆکارێکی یاریدەدەر دەژمێرێت بۆ گەشەسەندنی منداڵ لە ڕوی جەستەیی و کۆمەڵایەتی". (مەحمود، ٢٠٠٤، ١١-١٢). شاعیران هانی منداڵان دەدەن، کە بچن وەرزش بکەن، چونکە وەرزشکردن ڕەوشتە، دوری دەخاتەوە لە چەندین خوی خراپ، لە کاتی وەزش جەستەیان بەهێز دەبێت و هەوای پاک هەڵدەمژن. سەرەڕایی ئەوە دەکرێت لە ڕێگەی وەرزش و یاریکردنەوە هەر پەیام و وشەیەک، کە چەمکی تازە بێت بە وەرزش و جوڵە فێری منداڵ بکرێت، لەو نوسەرانەش (Lewis, G.& Bedson, G.) جەخت لە سەر ئەو ڕاستییە دەکەنەوە کە شیعر گرنگی زۆری هەیە، لە دوو ڕووە لێی بڕوانین:

أ. هەم لە ڕوی فێرکارییەوە.

ب. هەم لە ڕوی نەش و نمای گەشەی جەستەوە.

کورتەکە بەمشێوەیە کاتێک قوتابیەکان دەهێنیتە دەرەوە ڕیزیان دەکەی مامۆستا شیعرێک بە گۆرانی هەڵدەبژێرێ هەر قوتابیەک وشەیەک دەڵێتەوە دوای ئەوە یەک لە دوا یەک هەر قوتابیەک وشەیەک بڵێت لە سەرەی خۆیدا، هەر قوتابیەک وشەیەکی هەڵە کرد لە ڕیز دەردەچێت (Lwes, G. & Bedson، ١٩٩٩، ١٠٤).

ئەو شێوازە لە چەندین بەرهەمی ئەدەبی منداڵان دەکرێت بە یاری و جوڵەوە بەبەشداری فێرخوازان ئەنجام بدرێت، قوتابیان زیاتر هۆگری قوتابخانە و یاریکردن و خۆشییەکانیان دەبن، بەشێک لە بابەتەکان بۆ چێژی زیاتر دەبێت لە ڕێگەی وەرزش و یارییەوە پێشکەش دەکرێن بۆ ئەوەی هەستی ئاسودەیی لا زیاد بکات و بێزار نەبێ.

زارا لە چەند بەرهەمێکدا بۆ وەرزش و یاریکردن شیعری نوسیوە، بۆ نمونە:

وەرزش
وەستاوین لە گۆڕەپان
وەک پەپولەو گوڵی جوان
ئای چەندە دڵمان خۆشە
چونکە کاتی وەرزشە
دەست وپێ دەجولێنین
هێزی خۆمان دەنوێنین (جاف، ٢٠٢١، ١٩) .

شاعیر بە منداڵان دەڵێ وەکو خۆر، کە ڤیتامین وزەی بەهێز بە جەستە دەدات بە هەمان شێوە وەرزش و جوڵە جەستەیان تەندروست و بەهێز دەکات، منداڵان بە وەرزشکردن دڵخۆش و ئاسودە دەکات، کە پەیوەندی کۆمەڵایەتی و گیانی یارمەتیدانیان لە لا پتەو دەکات .

**کورتەی چیرۆکی (خلیسکێنە و قاقای پێکەنین)**

ئەم چیرۆکە باس لە بابەتێکی یاری و وەرزشی دەکات، لە گوند کاتێک شاهۆ لە گەڵ هاوڕێکانی بۆ بە سەربردنی کاتەکانیان چونە سەر گردەکەی لای ماڵی خۆیان بە مەبەستی خلیسکێنە، بەڵام بە هۆی ئەوەی گردەکە ئاگری لێکرابۆوە ئەو ناوەی پیسکردبوو، شاهۆ و هاوڕێکانی بە گسکێک دەستیان کرد بە پاککردنەوەی، وەکو ڕۆژان دەستیان کرد بە یاریکردنی خلیسکێنە و بە هۆیەوە هەمویان دڵخۆشببون و کەوتنە قاقای پێکەنین.(جاف، ٢٠٢١، ٩-١٠)، ئەم چیرۆکە لە ئاستی (٦-٨) ساڵان گونجاوە، ئەوەی لەو چیرۆکە بەدی دەکرێت منداڵ هاندەدات، کە لە شوێنی گونجاو یاری بکەن، چونکە وەرزش و جوڵە جەستە بەهێز دەکات و خۆشی دەدات پێیان و هاوکات دەبێتە هۆی بەهێزبونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و هاوڕێتی، هەروەها ئەوەش دەخاتەڕو لە کاتی یاریکردن پێویستە ئاگاداری جەستەی خۆیان بن، لە بەرئەوەی خلیسکێنە لە سەر زەویی دەکرێت وا پێویستە پارچە پۆشاکێک لە ژێر خۆیان دابنێن تاوەکو خۆشییەکەیان بەردەوام بێت.

### ٤.٤ ڕەهەندی نیشتیمانی و نەتەوەیی:

نیشتیمان وەک دایک ئەو خاکەیە، کە لە سەری دەژین و خۆشەویستن و پاراستنی ئەرکی هەمو تاکێکە، ئینجا ئێمەی کورد دەبێت زیاتر خەمی ئەوەمان بێت، کە منداڵەکانمان فێری ئەو خۆشەویستییە بکەین، گەلی کورد بە درێژایی مێژو ڕۆڵەکانی لە سەر کورد بون ڕوبەڕوی چەندین ئازار و ئەشکەنجە بونەتەوە، بابەتی

نیشتیمانپەروەری و نەتەوەیی بەشێکی بەرهەمی شاعیر و نوسەران پێک دێنێت، ئەو شاعیرانەش لە بواری منداڵاندا نوسیویانە جێی بایەخییان بووە، بۆ ئەوەی خۆشەویستی نیشتیمان لە ناخی منداڵان بروێنن هەستی خاک و نەتەوە لایان پیرۆز بێت، د.فازل مەجید ڕای وایە ئەمجۆرە شیعرە بۆ پەوەردەکردنی منداڵە لە ڕێگەی شیعرەوە لە قۆناغی (٨-١٢) ساڵی بە شیاوی دەزانێت بابەتی نیشتیمانی نەتەوەیی ئاڕاستەی منداڵ بکرێن.(مەحمود، ٢٠٠٤، ١١٨)، زارا ئەحمەد لەو بوارە چەند بەرهەمێکی بۆ نیشتیمان و ئاڵا و مهاباد نوسیوە، بە نمونە :

نیشتیمان

نیشتیمانم کوردستانە

پڕ لە خێرە و ئاوەدانە

کەش و دیمەنی سروشتی

چەند خۆشە سەیران و گەشتی (جاف، ٢٠٢١، ٢١).

شاعیر لەو دو دێڕەدا منداڵان هان دەدات بۆ خۆشەویستی خاک و نیشتیمان و بزانن خاکمان، کە جێگای ژین و ژیانمانە پڕە لە خێر بۆیان هاوکات بە دیمەنی جوانی نیشتمان هەمیشە کوردستان ئاودانە .

ئاڵا

جوانی ئاڵای کوردستان

هێمای خاک و نیشتیمان

دەتبینم وا لە بەرزی

بۆ من جێگای شانازی (جاف، ٢٠٢١، ١٣).

یەکێک لە جوانی وڵات و ناسنامەی میللەتان بونی ئاڵایە، ئاڵای کوردستان کە ڕەنگەکانی ڕەمزن بۆ بەرخودان و سروشتی خاکی کە هەمیشە منداڵان شانازی بەو ئاڵایەوە دەکەن ، کاتێک هەڵدەکرێ لە گۆڕەپان و بۆنەکان شادی دەدات بە منداڵان، شاعیر هێمای بۆ جوانی ئاڵای کوردستان کردووە، حەز و خۆشەویستی لە لای منداڵان بۆ خاک و نیشتیمان گەشە پێدەدات و لە نەستیاندا جێگیر دەبێت کاتێک تەمەن و قۆناغی منداڵی تێدەپەڕێنن هەمیشە لە بیریان دەمێنێتەوە.

مهابادی من

مهابادی شیرینم

تۆی بە هاداری ژینم

یەکەم پایتەختی کوردان

بووی بە سمبوولی هەموان (جاف، ٢٠٢١، ٢١).

مێژوی ژیانی گەلی کورد پڕیەتی لە نەهامەتی و ناخۆشی، بۆ ئەوەی ئەو ئازارانە بیری نەوەی ئێستا و داهاتو بێتەوە منداڵان ئاشنا دەکات بەو شۆڕش و ناو و شوێن و سەرکردانەی لە پێناو کورد و نیشتیماندا تێکۆشاون .

## ٥.٤ ڕەهەندی کلتوری و کۆمەڵایەتی:

ئەدەبی فۆلکلۆر سامانێکی دەوڵەمەندە و بە زمانێکی سادە و ڕەوان، کە بریتین لە ڕونی و کاریگەری و سەرچاوەگەلێکی باشە بۆ بابەتی کوردەواری و بە سود، "کەلەپور بە بەردی بناغەی ئەدەب دەژمێردرێ ڕۆڵێکی گرنگ لە قولکردن و بەهێزکردنی شیعردا دەگێڕێ ".(مەعروف، ٢٠١٩، ٣). منداڵان سود لەو بابەتە فۆلکلۆریانە وەردەگرێت، بە دیدێکی سەرنج ڕاکێش دایدەرێژێت، لایەنی پەروەردەیی لە خۆدەگرێت و هەڵدەهێنجرێت، بیر و ئەندێشەی فراوان دەکات، هانی منداڵ دەدات بۆ لێکدانەوەی لە ژیانی ڕابردوی باوک و باپیران چۆن بە سادەیی ژیانیان گوزەراندووە. کۆمەڵێک داب و نەریتی باوانە و لە ڕێگەی شیعرەوە دەگەیەنن بە نەوەی تازە. بۆ نمونە:

شەوی بەرات

منداڵان کۆبنەوە ئەم یادە دەکەینەوە

یادی شەوی بەراتە چیرۆک و بە سەرهاتە

یەک، یەک ماڵان دەگەڕێن گۆرانی بەرات دەڵێین

دادەش بە ڕوی گەشەوە بە باوەشێک سۆزەوە (جاف، ٢٠٢١، ١٥).

گەیاندنی فۆلکلۆر لە بەرهەمی هونەریدا کارێکی جوانە و ئامرازی گواستنەوەی دابی باوانە. منداڵان ئاشنا بە داب و نەریتە کۆمەڵاتییەکان و هاوکاری و پێکەوەیی بون، کە وەک ڕەمزی جوانی و خۆشەویستی بۆ یەکتری دوپات دەکرێتەوە.

میوان

ئێستا لەگەڵ دایە گیان    خەریکی کاری ماڵم

چاوەڕێی میوان دەکەین    بۆیە ئاوا خۆشحاڵم

رومان دەگەشێتەوە    ئاسودەین کە میوان دێ

بە خەندەو بەپێکەنین    هەموو دەڵێین بەخێر بێ (جاف، ٢٠٢١، ٢٧) .

ئەم شیعرە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لەخۆ گرتووە و لە ڕێگەیەوە دەیەوێت ڕەوشت و ڕەفتاری میواندۆستی کۆمەڵگەی کوردی فێری منداڵ بکات و بیکاتە بەشێک لە کەسایەتی. فێری بکات و میوان و میوانداری هۆکاری لە یەکتر نزیکبون و بنەمای ڕێزگرتن و خۆشەویستیە.

## ٦.٤ ڕەهەندی دەرونی و خەیاڵی:

ئامانج لە ئەدەبیاتی منداڵان بە شێوەیەکی گشتی هێنانە ئارای کەشێکی ئارام و دڵخۆشکردنە، منداڵ بە شیعر و چیرۆک چێژ و خۆشی وەردەگرن و خەندە و شادی دەبێتە میوانیان، لەبەر ئەوەی شیعر بە ئاوازە و کێش و سەروایە؛ بۆیە منداڵ لێی بێزار نابێت، بە ڕای ئیبراهیم ئەحمەد شوان بەرهەمی ئەدەبی خۆشی وشادی دەبەخشێت بە منداڵان، چونکە بەختیاری و خۆشی دەخاتە ناو دەرونیانەوە ئەمەش هۆکارە بۆ خوێندنەوە لای منداڵان خۆشەویست دەکا و بە پیریەوە دەچن، ژیریان چوست و چالاک دەکات و ئارامی دەخاتە دەرونیان.(شوان، ٢٠١٩، ٣٧). زارا بەرهەمەکانی لە چوارچێوە حەز و ئارەزوی منداڵانە و ڕەچاوی خۆشییەکانی کردووە، بۆ نمونە :

کۆلارە

چەند خۆشە وەک کۆلارە

باڵبگرم بە دەم باوە

بمە میوانی ئاسمان

سەما بکەم لەو ناوە (جاف، ٢٠١٥، ٦).

هەڵدانی کۆلارە یەکێکە لەو یارییانەی منداڵ خۆشی لێوەردەگرێت، لە گەڵ بەرزبوونەوەی بۆ ئاسمان هەستەکانی دەست پێدەکات بە خۆشحاڵییەوە لێی دەڕوانێ خەیاڵی ئەوە دەکات وەک کۆلارەکە بەرز بێتەوە .

گەشتێک

دیم باڵندەکان بانگیان دەکردین

دەفڕین بۆلامان دەستیان دەگرتین

بەرزبوینەوە ڕۆشتین بۆ ئاسمان

ئەوەندە دوربوین ون بوین لەچاوان (جاف، ٢٠٢١، ١٩) .

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v4n2y2021.pp73-82

شاعیر ئەمجارە وێنەیەکی خەیاڵی تێکەڵ بە دنیای منداڵ کردووە، لە ڕێگەی خۆشەویستی منداڵ بۆ باڵندە ئەو گفتوگۆیەمان بۆ دەگێڕێتەوە، ئەو جۆرە بابەتە ڕۆشنبیری و هزرییان فراوان دەکات و خۆشی و چێژ بە منداڵ دەبەخشێت .

جەژن
جەژنە هەموو دڵخۆشین
بەرگی تازە دەپۆشین
شادیی خۆتان دەربڕن
لە گەڵ تەواوی خێزان
لە سروشتی ڕازاوە
سەوزایی دەوری داوە (جاف، ٢٠٢١، ٣٥) .

جەژن ڕۆژی شادی و ئاهەنگ و خۆشیە منداڵان بە تامەزرۆییەوە چاوەڕێی هاتنی ئەو ڕۆژە دەکەن، جلی ڕەنگا و ڕەنگی جوان دەپۆشن، پیرۆزبایی جەژن دەکەن و شیرینی و نوقڵ بە یەکتری دەدەن، لە هەمو لایەکەوە بە خۆشحاڵی و دەم بە خەندە پێشوازی لە یەکتری دەکەن، بەشێک لە منداڵان لە ئێوارەی جەژنەوە خۆیان دەگۆڕن و جانتای جوکلیات بۆ بەیانی یەکەم ڕۆژی جەژن ئامادە دەکەن، ئەو ڕۆژانە بە خەندە و پێکەنین و شادی بەخش بەڕێ دەکەن.

**کورتەی چیرۆکی (گەشتەکەی ئەوین)**

چیرۆکنوس باس لە کچێک دەکات بە ناوی ئەوین زۆر حەزی لە جۆلانێ بو ڕۆژێک پەتەکەی هەڵدەگرێت بۆ ئەوەی لە شوێنێک هەڵیواسێت، شوێنکی گونجاوی دۆزییەوە ئەو ڕۆژە هەستی زۆر خۆشە کاتێک گوژمەی پاڵەکانی لێدەدات لە پڕ پاڵێکی بەهێز لێدەدات بەرز دەبێتەوە، کاتێک زانی وا لە بەرزای ئاسمانە بۆ خۆی لە گەڵ پەڵە هەور و باڵندەکاندا دەفڕێت، لە بەر خۆیەوە دەیگوت ئەم ئاسمانە چەند جوان و گەورەیە وای لەو ژینگە پاکەی چەند لە زەوییەکەی خۆمان خۆشترە، دەستی بە پشتی باڵندەکاندا دەهێنا پێیدەگوتن ئێوە چەند جوانن، ئەوین ئاسمانی زۆر پێخۆشبو بڕیاریدا لەوێ بمێنێتەوە، لە پڕ لە سەر پەڵە هەورێک خەوی لێدەکەوێت، لە کۆتایدا دایکی و هاورێکانی بانگی دەکەن، کە بێت نانکەی بخوات، کە هەستا ئەملاولای دەکرد بیری لەوە دەکردەوە جارێکتر پەتەکە بەرێت گەشتێکیتر بکاتەوە.(جاف، ٢٠٢١، ١٢). ئەمجۆرە چیرۆکانە خەیاڵ و مێشکی منداڵ فراوان دەکات، منداڵان حەزیان لە باڵندەکان و زۆر جار خەون بەو جۆر نمایش و خەیاڵەی ئەوین دەبینن؛ بۆیە کاریگەری ئەوین بە شێوەیەکە سەرەڕای چێژ و خۆشی، لەو چیرۆکە کارەکتەری ئەوین وێنەیەکی خۆشەویستی و تێکەڵبونی لە جوانی سروشت و جیهانی باڵندەکان گرێدراوە، لە جیهانی منداڵ خەیاڵ و خۆشحاڵییەکی زۆر بە منداڵ دەبەخشێت، سودێکی گرنگی ئەوەیە، کە منداڵ خێراتر لەگەڵ ڕوداوەکانی نێو چیرۆکەکە پەیوەندی دروست دەکات. هەر کەسێک، کە چیرۆکی منداڵان دەنوسێت، دەتوانێت لە چوارچێوەی خستنەڕوی بابەتەکە کۆمەڵێک بیرۆکەی نوێ بۆ منداڵ بخاتەڕو، کە دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و پەروەردەیی لای ئەو منداڵە، لەبەر ئەوەی زۆر کات منداڵ کەسایەتیی خۆی بەراورد دەکات بە کەسایەتیی ئەو کارەکتەرەی کە لە چیرۆکەکەدا هەیە.

### ٧.٤ ڕەهەندی سروشت و ژینگەیی:

سروشت و ژینگە بە جوانی و ڕازاوەیی ئیلهامی هەوێنی بەرهەمی شاعیران و نوسەرانن و بابەتی بە پێز و گرنگە، کە جێگای بایەخن دەورێکی گرنگیان لە پەروەردە و گەشەی منداڵدا هەیە، هانی منداڵ دەدات و بۆ ناسین و لێوردبونەوە و سەرنجدان لە دەوروبەر و هەنگاونان بۆ کرانەوە، یارمەتی منداڵ دەدات بۆ بیرکردنەوە و ژیریی بخاتە کار، ئەمانە هەمو هۆکارن بۆ جوانناسی سروشتی ئارامی و سەلیقە و توانای ئەدەبی بۆ منداڵ ڕەوتی داهێنان و ئەفراندنیان گەشە پێدەدات، سروشت و ژینگە سەرچاوەی بەهرە و توانایی منداڵ زیاد دەکات.

**١. وەسفی سروشت:**

شاعیران بەشێک لە بەرهەمەکانیان بە جوانی سروشت و دیمەنە سەرنج ڕاکێشەکەی ڕازاوەتەوە، سروشت وەک تابلۆیەک نیشان دەدەن، دیمەنی سروشت و گەشت و سەیران خەم ڕەوێنە و شادی دەبەخشێت و منداڵان ئاوێزانی بەهار و ڕەنگەکان و هاژەی ئاو و دەنگی جریوە و سەمفۆنیای ئەوین و شادی دەبن، بابەتی سروشتی ژیری منداڵ زیاتر گەشە پێبدات و بیر و هۆشیان فراوان دەکات و دونیای خەیاڵ و داهێنانیان دەکاتەوە. زارا ئەحمەد بەشێک لە بەرهەمە شیعرییەکانی تەرخان کردووە بۆ وەسفی جوانی سروشت.

پەلکە زێڕینە
کاتێ دڵۆپی باران
دێنە خوارێ لە ئاسمان
بەر تیشکی خۆر دەکەون
ئاوێتەی جوانیی دەبن
ئەوسا ڕەنگەکانی من
لە گەڵ یەک تێکەڵ دەبن (جاف، ٢٠٢١، ١٥) .

شاعیر باسی جوانی ئەو دیمەنە سەرنج ڕاکێشە دەکات ئەو کاتەی پەلکەزێڕینە دێتە ئارا، منداڵان دەکەونە سەما و خۆشی و بانگی یەکتری دەکەن، بۆ ئەو ساتەی تیشکی خۆر تێکەڵی دڵۆپی باران دەبێت، جوانی ڕەنگەکان بە ئاسمانەوە نەخشی بازنەیی دەکێشێت، منداڵان ئاوێزانی ئەو دیمەن و جوانیە دەبن.

بەفر
کڵۆ بەفری سپی و جوان
لە ژێر باڵی هەورەکان
چەند بەناز دێنە خوارێ
خەندەیان لێدەبارێ (جاف، ٢٠٢١، ٩) .

شاعیر باسی دیمەنی بەفر بارین دەکات کاتێک بە سەماو لەنجە دێنە خوار بە جارێک دەشت و چیا سپی پۆش دەبن، یەکێک لە دیمەنە جوانەکانی وەرزی زستان بەفربارینە، منداڵان شاگەشکە دەبن، بەفر هەمو شتێکی جوانە و منداڵان شەڕە تۆپەڵ دەکەن و بوکە بەفرینە دروست دەکەن، لە گەڵ بەفربارین خەندە دەهێنێت بۆیان.

کورتەی چیرۆکی (گوڵ ئەستێرە)

گوڵە ئەستێرەیەکی جوانکیلە، وردە وردە بە نرمی دەفڕی تا ڕێی کەوتە کەناردەریایەک، بۆ خۆی لەو ناوە لە هەڵبەزو دابەزی شەپۆلەکان ڕامابو، شەپۆلێک چاوی بەگوڵە ئەستێرە کەوت لەو ناوە دەدرەوشایەوە، لە کەنارەکە نزیک بۆوە لێی پرسی، تۆکێیی ئاوا دەدرەوشێیەوە؟ ئەو ناوەت ڕوناک کردۆتەوە! گوڵە ئەستێرە گوتی من گوڵە ئەستێرەم، ئەی تۆ کێیی؟ شەپۆلەکە گوتی منیش شەپۆلی دەریام، دەزانی تۆ تروسکاییەکی جوانت هەیە بەوە تۆم بینی؟ گوڵە ئەستێرە سەیرێکی ئەولاو لای خۆی کرد و گوتی لە ئێواراندا کاتێ وردە وردە خۆر ئاوا دەبێ ئەوڕوناکییەم بەدەردەکەوێ، گوڵە ئەستێرە هەرسەیری شەپۆلەکەی دەکرد و زۆرپێی سەرسام

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v4n2y2021.pp73-82

بو، لە کۆتایدا دەبن بە هاورێی یەکتر.(جاف، ٢٠٢١، ٢٦)، ئەم چیرۆکە جوانی سروشت بە منداڵ نیشان دەدات، نمایشێکی وەسفی سروشتە کە پڕە لە دیمەنی جوان و سەرنج ڕاکێش لە ئاستی تەمەنی (٦-١٢) تێگەیشتنی گونجاوە، کە مێشکی منداڵ فروان دەکات بە جۆرێک گفتوگۆی ئەو ڕووداوەی نێوان باڵندەی گوڵە ئەستێرە و شەپۆلەکانی دەریا نمایشێک دەکەن، منداڵ ڕادەکێشن بۆ لای خۆیان، کە جیهانێکە منداڵ حەزی پێدەکات، ئەمجۆرە چیرۆکانە منداڵ هاندەدات بە گەشبینیەوەی بڕوانن لە ژیان و دوری دەخاتەوە لە سستی و بێزاربون.

**٢. پاراستن و چاودێریکردن:**

ژینگە ڕۆڵی گەورە و گرینگی لە گەشە و پەرەسەندنی منداڵ هەیە ، پەروەردەی ژینگەیی لە ئێستادا بابەتێکە جێی بایەخە لە پرۆسەی پەروەردەدا، کە چەندین بەهای تری پەیوەست بە ژیانی مرۆڤ لە خۆدەگرێت، هۆشیاری تاکەکانی کۆمەڵگا لە بەرژەوەندی پاراستن و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیار پەروەردەی ژینگەیی لە قۆناغی باخچەی منداڵان و قوتابخانە دەست پێدەکات و بە شێوەیەک وەکو بنەما لای منداڵ پەرەی پێدەدرێت. لە ئەمڕۆدا گرفتی گەورە و مەترسی ڕووبەڕووی ئاو خاک و هەوا لە هەمو جیهان بۆتەوە، پرسی مەترسی پیسبونی ژینگە کە بەرۆکی هەمو مرۆڤایەتی گرتۆتەوە لە ئایندەشدا کێشە بۆ سەر گیانی مرۆڤ و بونەوەرەکانی ناوی دروست دەکات. پیسبونی ژینگە کێشەیەکی بەربڵاوە و گەیشتۆتە ناوجەرگەی زەوی و ئاوی بیرەکان و کانیاوە سروشتییەکان و هەروەها بەرگی هەواشی گرتۆتەوە.(تاحون، ٢٠١٤، ٢٣). بەرپرسیارێتی لە سەر هەمو تاکەکانی کۆمەڵگایە بە تایبەتی لە قوتابخانە و دەزگا پەروەردەییەکان وەک ڕەهەندێکی گرنگ و پڕ بایەخ کاری لە سەر بکرێت .

ژینگەکەم

سروشتی شار و لادێ ڕەنگینە وەک و چاوە
خوڕەی شەپۆل و کانی وێنەیان لام نەخشاوە
هەموومان دەیپارێزین ئەو کوردستانە جوانە
ژینگەی پاک و دروستە نیشتیمانی هەمووانە (جاف، ٢٠٢١، ٢٢).

شاعیر دیمەنی شێواو و پاشماوەی بە جێماو، کە گەورەکان زیاتر بەرپرسن لەو دیاردەیە، جێگەی نیگەرانی و مایەیی کێشەیە بۆ سروشت و مرۆڤ، داوا لە هەمووان دەکات ئەو سروشتە جوانەی کوردستان، کە وەکو تابلۆ نەخشاوە تێکنەدرێت و پارێزگاری لە ژینگەی شار و لادێ و سەیرانگا و قوتابخانەکان بکرێت.

ئۆپەرێتی ژینگەکەم
با ژینگە ئاشت کەینەوە
پیسی لێدورخەینەوە
ژینگەمان بۆ هەموانە
باوەشی نیشتیمانە (جاف، ٢٠٢١، ١١) .

نوسەر دەیەوێت بە منداڵان بڵێ ئەوە ژینگەیە هەڕەشەی لە سەرە بە پیسکردن، پارێزگاری لە ژینگە واتە پاراستنی نیشتیمان، چونکە نیشتیمان ماڵی هەمووانە، وە پێویستە گشت لایەک نیشتیمان لە هەر مەترسەیەک، کە بێتە مەترسی لە سەری بیپارێزێت، لە بەر ئەوەی ئۆپەرێت بە ئاواز ومۆسیقاوە لە سەر ستەیج لە لایەن منداڵان پێشکەش دەکرێت و منداڵان زیاتر خۆشی و چێژی لێوەردەگرن و بە تەواوی پەیوەستی ناوەرۆکەکەی دەبن.

**کورتەی شانۆنامەی (شێری لە خۆبایی)**

ناوەڕۆکەکەی لە زاری ئاژەڵانەوە جەخت لە پیسکردنی دارستان و ژینگە دەکات، هەر یەکێک لە (مەیمون و کۆتر و کەروێشک و ئاسک و لەق لەق) سکاڵای خۆیان دەکەیەنە بە پاشای دارستان (شێر) کەوا ژینگەی دارستان شێواو و مرۆڤ بە جارێک ئەو ناوەیان پیسکردووە، لە دوای ئەوەی چون بۆ سەیران پاشماوەی خۆیان بە جێهێشتووە، ژیانی ئاژەڵەکان پەکی کەوتووە و نارەحەتی بۆ تەندروستی و خاک و گژ و گیا دروست بووە، پاشای دارستان، کە بەمە دەزانێ زۆر نیگەران دەبێت دەڵێ بۆ چی مرۆڤەکان ئەو ژینگەیە پیس دەکەن نابێ ئەوە بەو شێوەیە بڕوات ژیانی هەموان دەکەوێتە بەر مەترسی چەندین میکرۆب و نەخۆشی بڵاو دەبێتەوە. (جاف، ٢٠٢١، ٢٤)، نوسەر سودی لە ڕوداوێکی واقیعی وەرگرتووە گواستویەتیەوە بۆ منداڵان، لە زاری ئاژەڵان ئەو پەیامەیان پێدەڵێت، کاتێک لە گەڵ دایک و باوک و خزم و کەس و کار دەچن بۆ گەشت و سەیران، دەبێت خاوێنی ئەو شوێنە بپارێزین، چونکە دوای ئەوەی گەشتەکەمان تەواو دەبێت دواتر هەر هاورێ و کەس و کاری ئێمە دەچنەوە بۆ ئەو شوێنانە، کە دەبینن ژینگەکە بە پیسی جێهێڵراوە کەس ناتوانێ لەوێ پشو بدات و بمێنێتەوە. بەشێکی تری ناوەڕۆکی شانۆنامەکە پەیوەندی بە دەسەڵاتی پاشای دارستانەوەیە، وەکو پێویست بەدەم داواکاری ئاژەڵەکانەوە نایەت و بە ئەرکی خۆی هەڵناسێت؛ بۆیە لە کۆتایی لە دەسەڵات دوری دەخەنەوە کەسێکی تر دەکەن بە پاشای دارستان. منداڵان لە ڕێگەی ڕەهەندی ناوە شانۆکە ئەوە فێر دەبن، کە ژینگە و خاک و ئاویان پیس نەکەن و هەوڵی پاراستنی بدەن و هەر یەکێک بە ئەرکی خۆی هەستێت و گیانی بەرپرسیارێتی لە لای منداڵ دروست دەکات.

## ٥. ئەنجام

تویژینەوەکەمان لە کۆتایدا بەم ئەنجامانە خوارەوە گەیشتووە:

١. چەندین ڕەهەندی هەمەجۆر لە بەرهەمەکانی زارا ئەحمەد بە هەمو ژانەرەکانی (شیعر، چیرۆک، ئۆپەرێت، شانۆ) ڕەنگیانداوەتەوە.
٢. ڕەهەندی پەروەردەیی زۆر بە فراوانی لە شیعرەکانیدا دەردەکەوێت و باسی چەند خو و ڕەوشتی دەستپاکی و ڕاستگۆی و هاوکاری کردووە، لە چیرۆکیشدا بونی هەیە.
٣. فێرکردن و خوێندن لە ئاستی گشتی و تایبەتیدا ڕەهەندێکی زەقی دەقە ئەدەبییەکانی زارا ئەحمەدیان پێکهێناوە.
٤. نوسەر زۆر بایەخی بە ڕەهەندی هۆشیاری و تەندروستی داوە و خۆپارێزی و وەرزش و جوڵەی منداڵانی کردۆتە چەندین بابەتی شیعر و چیرۆکەکانی.
٥. خۆشەویستی نیشتیمان و نەتەوایەتی زۆر جەختی لە سەر کراوەتەوە و زارا ئەحمەد توانیویەتی لە ڕێگەی دەقەکانی لە ناخی منداڵاندا بچێنێت.
٦. کۆمەڵگای کوردی و داب و نەریت و کلتور بەهاکانی لای نوسەر جێگای بایەخ بونە؛ بۆیە بە وردی هەوڵی ناساندنی داون و بە منداڵانی ئاشنا کردون.
٧. لایەنی دەرونی و خەیاڵی منداڵان، کە یەکێکە لە ڕەهەندە هەرە بنچینەییەکانی ئەدەبی منداڵان لای زارا ئەحمەد زۆر لێزانانە ئاوڕی لێداونەتەوە.
٨. ڕەهەندی گیانی (ڕوحی) و بابەتە ئایینییەکان، وەکو بنەمایەکی گرنگ لە بواری پەروەردە و فێرکردن و پێویستییەکی دەرون و کلتور و داب و نەریتی کورد لای زارا ئەحمەد باسی نەکراوە و نابینرێت.

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v4n2y2021.pp73-82

## ٦. لیستی سەرچاوەکان


بەرزنجی، ئەحمەد سەیید علی، ٢٠١٠، ئەدەبی منداڵان لە گۆڤاری گەلاوێژدا، سلێمانی: چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

تاحون، زەکەریا، ٢٠١٤، بەڕێوەبردنی ژینگە بەرەو خاوێنترین بەرهەم، وەگێڕانی لە عەرەبییەوە ئەحمەد عەلی ئەحمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال.

جاف، زارا ئەحمەد، ٢٠٠٧، دیاری بۆ ئاڤان، چیرۆک، گۆڤاری مشکە، ژمارە (٢٠) .

جاف، زارا ئەحمەد، ٢٠١٥، کۆلارە، گۆڤارەی گوڵەکان، ژمارە (١٠٦).

جاف، زارا ئەحمەد، ٢٠٢١، بوکەڵەکان، ئۆپەرێت و شانۆ بۆ منداڵان، قەڵادزێ: چاپی یەکەم، چاپخانە ئانا .

جاف، زارا ئەحمەد، ٢٠٢١، بێچووە فیل، شیعر بۆ منداڵان، قەڵادزێ: چاپی یەکەم، چاپخانەی ئانا .

جاف، زارا ئەحمەد، ٢٠٢١، بێچووە مراوی لە ئاو ناترسێ، چیرۆک بۆ منداڵان، قەڵادزێ: چاپی یەکەم، چاپخانەی ئانا .

جاف، زارا ئەحمەد، ٢٠٢١، پشیلەکەی لاس، چیرۆک بۆ منداڵان، قەڵادزێ: چاپی یەکەم، چاپخانەی ئانا .

جاف، زارا ئەحمەد، ٢٠٢١، کەشتی، شیعر بۆ منداڵان، قەڵادزێ: چاپی یەکەم، چاپخانەی ئانا ،

جاف، زارا ئەحمەد، ٢٠٢١، نیشتیمانی لەقلەقەکان، چیرۆک بۆ منداڵان، قەڵادزێ: چاپی یەکەم، چاپخانەی ئانا .

جاف، زارا ئەحمەد، ٢٠٢١، ورچەکەی هاورێم، شیعر بۆ منداڵان، قەڵادزێ: چاپی یەکەم، چاپخانەی ئانا .

حاجی، ستار جبار، ٢٠١٨، پەروەردە و فێرکرنا زارۆکی د هزر و هوزانێن هوزانڤانێ کوردئەحمەدێ خانی دا "نوبهارا بچوکان وەک نموونە"، زاخۆ: گۆڤاری زانکۆی زاخۆ، ژمارە (١).

حوسێن، سەنگەر نازم و مەولود، ڕێزان ساڵح، ٢٠١٨، ژانرە ئەدەبییەکان، هەولێر: بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی کوردستان.

رازانی، بهمن ،١٣٧٤، پژوهشی اجمالی در زمینەی "ادبیات کودکان "، چاپی اول، چاپخانەی رشدیە.

رمضان، محمد رحیم ،١٩٨٤، منداڵ و چیرۆکی منداڵان، لێکۆڵینەوە، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.

ساڵح، محسین عارف، ٢٠٠٥، رەوشا چیروکێن زاروکان ل دە ڤەرا بەهدینان (١٩٨٠-٢٠٠٤)، دهوک: نامەی ماستەر، زانکویا دهوک، کولیژا ئادابێ.

سەعید، فایەق ،٢٠٢٠)، لیڤ ڤیگۆتسکی تیۆریی سۆسیۆکۆلتووری و پەروەردەی هاوچەرخ، سلێمانی: چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

سەعید، فایەق، ٢٠١٥، ستروکتووەکانی بیرکردنەوە و گەشەسەندنی مەعریفیی منداڵان شرۆڤەکردنی تیۆرەکانی پیاژێ، سلێمانی: چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە .

شوان، ئیبراهیم ئەحمەد ،٢٠١٨، مەڵۆێ لە ئەدەبی منداڵانی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی.

مەحمود، فازل مەجید، ٢٠٠٤، شیعری منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا، لێکۆڵینەوە، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

مەعروف، کەمال ،٢٠١٩، کەلەپور لە شیعری منداڵاندا، سلێمانی: چاپی یەکەم، چاپخانەی بینایی.

وسو، محمد سمایل ،٢٠١٧، أدب الأطفال و إنعکاساتە فی المناهج المدرسیة فی إقلیم کوردستان العراق الصف الربع حتی الصف التاسع نموذجا، رسالة الماجستیر، جامعة بینکول، معهد العلوم الجتماعیة، قسم اللغة العربیة، الجمهوریة الترکیة.

وێیستەر، رۆجەر ،٢٠١٧، لێکۆڵینەوەی تیۆریی ئەدەبی، وەرگێڕانی عەتا قەرەداخی، سلێمانی: چاپخانەی تاران.

ئەحمەد، ناهیدە ،٢٠٠٥، سەرەتایەک دەربارەی سەرهەڵدانی ئەدەبی منداڵانی کورد، هەولێر: چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

Lewis. G. & Bedson, G. 1999, Games for Children, 1st edition, Oxford university press26.